


وتەی ئەمجارەمان




## ڕۆژئاوای کوردستان

**منداڵە خۆشەویستەکان!**

ولاتی ئێمە کوردستان نزیک بە سەدەیەکە بە بێ ویستی خۆمانو بە ناحەق بەسەر چوار ولاتی تورکیە، ئێران، عێراقو سووریەدا دابەش کراوەو ئەو حکوومەتانە هەموو سەرمایەی نەتەوەیی ئێمەیان لە شارستانیەت، کولتوور، زمانو ڕەسەنایەتی، مێژوو، خاک، ئاو و کانگا بەنرخەکانی ولاتەکەمانرا بگرە هەموویان بە تالان بردوەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە. گەلی کورد بە درێژایی مێژوو بە دەستی ئەم حکوومەتانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کۆمەڵکوژ و ژینۆساید کراوە و ماڵو ملکی سووتێندراوەو ئینکاریان لە بوونی کورد کردوە. بەڵام دەبینین ئەمڕۆ لە دوای ئەو هەموو ئازار و مەینەتیە بەشێک لە نیشتمانەکەمان، باشووری کوردستان ڕزگاری بووە و ماوەی چەندین ساڵە بۆتە چرای ڕووناکی بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە خۆشیەوە ئەم بەهارەش مزگێنییەکی خۆشی بۆ ئێمەی کورد پێ بوو کە ئەویش ڕزگاری بەشێکی تری کوردستان بوو ( ڕۆژئاوای کوردستان). ئازادبوونی ڕۆژئاوای کوردستان دووبارە وزەو دڵگەرمییەکی تازەی بەخشیەوە بە ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو بەشەش لە خاکی کوردستان دوای مێژوویەکی دوور و درێژ لە ژێرچەپۆکیو ژێردەستەیی ئەمڕۆ بە هەوڵو تێکۆشانو یەکگرتووی خەڵکەکەی توانی بوونی خۆی بسەلمێنیو بەرەبەرە خۆی سەقامگیر بکا. ئێمەش وەک منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی ئەم دەستکەوتە لە هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژئاوای کوردستانو منداڵانی ئەم بەشەی کوردستان دەکەینو پشتگیری و پشتیوانی خۆمانیان بۆ دووپات دەکەینەوە. بەو هیوایە کە هەموومان ڕۆژێک ئازادی یەکجارەکی ولاتەکەمان ببینین.

دنیای منداڵان



ڕێپیوانی منداڵان بۆ پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند



بنکەی ناوەندی منداڵپاریزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پۆلێک لە منداڵە چاوگەشەکان لە کاتی کۆکردنەوە و چاککردنی ‹‹دنیای منداڵان››دا




کەبوودوەند ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە شاری دیواندەرە لە دایك بووە و هەر لەو شارە چۆتە بەرخوێندن و قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردوە و بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شارەکانی سنەو تاران و دوای تەواو بوونی خوێندنەکەشی بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەر لە تاران نیشتەجێ دەبێ. ساڵی ١٣٧٣ دەستی کرد ئەنجامدانی کاری سیاسیو مەدەنی و لە ساڵی ١٣٧٥ لەگەڵ دەستەیەك لە چالاکانی سیاسیومەدەنی رێکخراوەیەکیان بە ناوی یەکیەتیی بۆ دێموکڕاسی ( اتحاد برای دێمۆکڕاسی)دامەزراند.کەبوودوەند ساڵی ١٣٨١ حەوتوونامەی «پیام مردم»ی کە حەوتوونامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەردەکرد کە دوای ماوەیەك چاپی ئەو حەوتوونامەیە راگیرا. ساڵی ١٣٨٤ بۆ یەکەم جار لە کوردستان رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی بۆ پشتیوانی لە مافەکانی خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی منداڵانی کورد دامەزراندو لە ماوەیەکی کەمدا ناوبانگی ئەو رێکخراوەیە لە هەموو جیهاندا بڵاوبۆوە. هەربۆیەش نازناوی باوکی مافی مرۆڤی کوردستانی پێبەخشرا. دوای ٢ ساڵو نیو کار لەو رێکخراوەدا کەبوودوەند بە تاوانی پرۆپاگەندە دژی نیزام دەستگیرو رەوانەی گرتووخانە دەکرێو لە لایەن دادگای شۆڕشی ئێران ئەو رێکخراوە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرێو کەبوودوەند سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێ. کەبوودوند جگە لە کار و چالاکی مەدەنیو سیاسی و کاری رۆژنامەنووسی، چەند کتێبیشی نووسیوە کە تا ئێستاش مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان پێ نەدراوە.

ئامادەکردن: شیلان قوربانی فەر

## پەیامی ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند

کۆمەڵاکی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان!
رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ!
وەک ئاگادارن، بەرێز کەبوودوەند سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە بە تاوانی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەیە کە چالاکییەکانی تەنیا داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستانە بە ١١ ساڵ زیندان حوکم دراوەو ئێستا زیاتر لە ٥ ساڵە لە زیندان بە سەر دەبا. ئەوەی کە بەڕێز کەبوودوەند لەم ٥ ساڵەدا لە هەموو مافەکانی زیندانییەک بێبەش بووەو تووشی هەموو ئازارو ئەزیەتێک بووە بۆ خۆی چیرۆکێکی دیکەیە کە باسێکی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ماوەیەکە کاک پژمانی کوڕی تووشی نەخۆشییەکی دژوار بووە و بە وتەی دوکتورەکان پێویستە کە بەڕێز کەبوودوەند لە لای کوڕەکەی بێ، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئیزنی ئەوەشیان پێ نەداوەو هەر بۆیە بەڕێز کەبوودوەند زیاتر لە ٥٠ رۆژە دەستی داوەتە مانگرتن. هەر وەک ئاگادارن باری تەندروستی بەڕێز کەبوودوەند بەرەو خراپی چووە. ئێستا کە خەڵکی کوردستانو هەموو مرۆڤە ئازادیخوازو خاوەن وێژدانەکان نیگەرانی بارودۆخی بەڕێز کەبوودوەندن، ئێمەش منداڵانی کوردستان نیگەرانی سلامەتی بەرێزیانین. بەڕێز کەبوودوەند پارێزەری مافی منداڵانی بێ بەش لە هەموو خۆشییەکی کوردستانە، بۆیە ئێمە وەک ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ رێزو سپاس بۆ کەبوودوەند خوازیاری ئازادیو پاراستنی سلامەتی ئەوین. کەبوودوەند دەبێ بمێنی بۆ مرۆڤایەتی و یارمەتیدانی ئێمە منداڵانی کوردستان، بۆیە پشتیوانی خۆمان لە داخوازییەکانی دەردەبڕین و داوای ئازادیشی بۆ دەکەین.

ناوەندی منداڵپاریزیی رۆژهەڵاتی کوردستان
٢٩ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی

دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
دەستەی نووسەران:
شیلان قوربانیفەر، بێگەردعەلیپوور
فتۆشاپ و دیزاین: ئازاد محەممەدزادە
azad.mohamadzadeh@yahoo.com
پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanykurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
Tel:+٩٦٤٧٧١٠٢٢٣٦٨٨



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



مامۆستایەک پرسیار لە یەکێک لە قوتابی‌یەکان دەکاو دەڵێ: ئەگەر دوو دز هەزار دینار بدزن یەکەی چەندیان بەر دەکەوێ؟ قوتابی‌یەکە دەڵێ؛ مامۆستا یەکەی شەش مانگ زیندان‌و سەرتاشینێک لە گەڵ کەمێک مست‌و پێلاقە بەخۆڕایی.

جارێک فەرماندەیەک بە سەربازێکی گوت بچۆ باخچەکە ئاو بدە.
سەربازەکەش گوتی: جەنابی فەرماندە ئێستا ئەوە باران دەبارێ؟
فەرماندەش گوتی ئەوە بیانوو نی‌یە چەتر لە گەڵ خۆت ببە و ئاوی بدە.

جارێک دوکتۆرێکی دەروونی بە نەخۆشێک دەڵێ: ئەگەر گوێ‌یەکت ببڕن چیت لێ‌دێ.
نەخۆشەکەش گوتی نابیستم، دوکتۆرکەش گوتی: ئەی ئەگەر هەردوو گوێت ببڕن چیت لێ دێ.
نەخۆشەکە گوتی: کەڕ و نابینا دەبم، چونکە چاویلکەکەم بە گوێمەوە راوەستاوە.

جارێک بەچکە فیلێک لە گەڵ مێرووله‌یەک دەچنە سینەما، پاش ماوەیەک بەچکە فیلەکە دەبینێ دایکی هات و بە مێروولەکە دەڵێ: دایکم هات. مێروولەکەش دەڵێ: مەترسە وەرە لە پست من خۆت بشارەوە.

## ئادەی بە دڵی خۆتان رەنگم بکەن






## مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی











١. جێگەی لەسەر سەرانە
هاوڕێ‌یە، کۆچەرە، میوانە
ئەوەی دەڵێ ئازانە
لە پارچەیە بیزانە.....

٢. ئامێز ئەگرێ چاوانت
هاواڵە بۆ ژیانت
بەرایی بۆ چاو دێنێ
بینایی‌و تین ئەڕوێنێ
پاشای سەر تەختی لووتە
هاوڕێی بیێ گیانی خۆتە...

٣. هەم تاڵە هەم شیرینە
هەم کێشە، هەم ئەوینە
یاری ئەکا بە وشە
ماسولکەیەکی لەشە.....

عەباس حەقبین






ئایا دەزانن کە:
**وشتر تەنیا ئاژەلێکە کە ناتوانێ مەلە بکا؟**

## له خۆبایی بوون



له فێستیڤالی وەرزشی ساڵانە کە تایبەت بوو بە راکردن، لە خۆشبەختی کەروێشکانو بەدبەختی کیسەڵان، کەروێشکێكو کیسەڵێك بەریەك کەوتن، خۆشی باڵی بەسەر کەروێشکەکاندا گرتو کەوتە سەماو هەڵبەزینو دابەزین، دواتر هەریەکەو بە لایەکدا رۆیشتن، بێ ئەوەی دابنیشنو تەگبیر لە رەوشی خۆیان بکەنو پلان دابرێژن، بە پێچەوانەشەوە کیسەڵەکان کپو بێ دەنگ بوون، نیگەرانی باڵی بەسەریاندا کێشابوو و لە گەڵ ئەمانەشدا کۆبوونەوە سەریەكو کەوتنە تەگبیرو پلاندانان، لە نێو خۆیاندا کاپیتانیان هەڵبژارد. کاتی پێشبرکێیەکە هات.... دەنگی فیکە بەرز بۆوە و کەروێشکەکان



کەوتنە ڕاکردنو بازدان، ماوەیەکی زۆر کیسەڵەکانیان جێهێشت، تا گەیشتنە سەر کانییەك کە دارێکی لەسەر هەڵکەوتبوو و سێبەری کردبووە سەر کانییەکەو دەوروبەریدا، کەروێشکەکان بەمەبەستی ئاوخواردنەوەو پشوودان روویان کردە سەر کانییەکەو تێر ئاویان خواردەوەو حەسانەوە، دڵنیابوون لە سەرکەوتنو لە خۆبایی ببوون، کەوتنە یاریو هەڵبەزینو دابەزین تا



خەو و ماندویەتی باڵی بەسەردا کێشان، کەوتنە خەوێکی قووڵەوە، کاتێ خەبەریان بۆوە کار لە کار ترازابوو، کیسەڵە سست رۆیەکان بە ورەیەکی زۆرەوە گەیشتنە جێو گرەویان بردەوە.

کەواتە منداڵە ئازیزەکان قەت لە خۆبایی مەبنو تا دەتوانن لێی دوورکەونەوە... چونکە ئەمە ئەنجامەکەیەتی..

جواد حەمەدبەگ

## شارۆچکەیەکی ئاسمانی
## a heavenly town

بەشی دووەم:

**رۆژێک بیری کردەوە کە بۆچی کەرەستەکان لە سەر زەوی دەمێننەوە؟**

And how human being could walk on the earth?

**ئەو رۆژە هەر بیری لێدەکردەوە؟**

He thought a bout it all day long?

**شەوێ لە خەونیدا لە گەڵ دایکو باوکی چوو بۆ ئاسمان؟**

At night he had a dream in his dream

he was in the sky with his mom and dad?

**کاتێک گەیشتە ئاسمان نەیاندەتوانی رابوەستن؟**

When they reached the sky , they could at stand?

**کاتی بەیانی وەخەبەر هات؟**

?When he woke up in the morning?

**بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ ئێمە دەتوانین لەسەر**

**زەوی رابوەستین بەڵام لە ئاسمان نا؟**

,Thought a bout that , way we can Stanton the earth

but we and in the sky?

وەرگێران لە کوردی بۆ ئینگلیزی : بێگەرد عەلی پوور

## وەرزش

خۆشە وەرزش، خۆشە یاری     بە دڵشادیو بەختیاری

وەرزش خۆشە لە هەوای پاک     وەک یاریزانێکی چالاک

وەرزش خۆشە لە یاریگا     نەک لە کۆڵانو سەر رێگا

وەرزشە هۆی خۆشەویستی     دەرمانە بۆ تەندروستی

رێگایە بۆ یەکتر ناسی     بۆ تەبایی و هەواڵ پرسی


من زۆر حەزم لە وەرزشە     چونکە هێزی مێشکو لەشە

فرمێسک محەممەدپوور






**مێوژە رەشە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی شەکرە و پاککردنەوەی خوێن؟**



# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

## وانەی حەوتەم: یاری وەرزشیەکان Sports

بێگەرد عەلی پوور

Football تۆپی پێ



Tennis تێنس



Basketball باسکیتبۆڵ



Swimming مەلەکردن



Car race پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل



Volley ball واڵی باڵ



ping pong تۆپی سەرمیز



Skiing یاری سەر بەفر



کتێب باشترین و بەنرخترین هاوڕێیە .

child protection centre - Eastern of kurdistan



## چالاکییەکان

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۲۹ی پووشپەڕی ۲۷۱۲ کوردی ناوەندی منداڵپاریزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێ‌پیوانێکی هێمنانەی بە مەبەستی پشتیوانیو پشتگیری لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و هەموو زیندانیانی سیاسی و منداڵەکانیان بە بەرزکردنەوەی وێنە و نووسراوە بۆ منداڵان ڕێکخست.







## چالاکییەکان

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۲۹ی پووشپەڕی ۱۳۹۱ ناوەندی منداڵپاریزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێبڕکێیەکی ڕاکردنی «دەو مەیدانی» بۆ منداڵان لە ئامیریە پێکهێنا.







چالاکییەکان

## بەڕێوەچوونی خولێکی کاریکاتۆڕ و وێنە کێشانەوە

ڕۆژی شەممە ٧ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەلاتی کوردستان خولێکی کاریکاتۆڕ و وێنە کێشانەوەی بە شێوی تیئۆری و کردەیی بە ئامادەبوونی مامۆستا کەنعان بیتار مامۆستای شارەزا و پسپۆڕ لەم بوارە دا بۆ منداڵان کردەوە و ئەم خولە نزیک بە ١٢ ڕۆژی خایاند..







چالاکییەکان


ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان سەردانی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەلاتی کوردستانی کرد و لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری منداڵپاریزیی و کۆمەڵێک لە منداڵە خۆشەویستەکان پێشوازی لیکرا.







## ڕۆژی لە دایک بوونم




من دیاری حەق بینم — زۆر خولیای پێکەنینم
خڕوخۆڵو بچکۆلەم — ئێسک سووکو نەرمۆڵەم
بیستو پێنجی گەلاوێژ — دایکم هێنامیە ئامێز
لەم ڕۆژە جوانو بەرزە — هاتوومە سەر ئەم ئەرزە
وێڕای جێژنی دێموکڕات — جێژنی منیشەو وڵات
جێژنی لە دایک بوونم — ڕۆژی ڕەوانی روونم
ئێوەش شەریکی شادین — نەوەی وەرزی ئازادین
شادم بە گەشی رووتان — گەشم بە رەنگو بۆتان
وەرن ببین بە هاوڕێ — خەت خەتێنو چاو شارکێ
تۆپێن لە گەڵ گۆرانی — باز بازێن و یاری یاری
دەی با لێو بەخەندە بین — پەپوولەکانی رەنگین

ن: باوکی دیار

دیار حەقبین جەژنی لە دایک بوونت پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٠_ ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩١

## ژینگەماڵی گەورەمانە دەبێ بیپارێزین



**منداڵە چاوگەشەکان!**

ژینگە ئەو شوێنەی کە هەموو بوونەوەر، گیانلەبەر، رووەکەکان و ئێمەی مرۆڤ تێیدا دەژین.

پاراستنی ژینگە ئەرکە لەسەرشانمان و دەبێ هەوڵ بدەین بە باشترین شێوە پاک و خاوێنی رابگرین.

ژینگەی دەورووبەرمان پێک هاتووە لە ماڵ،کۆڵان، گەرەک ، شار، ڕێگەوبان، پارک و دارستان و لێرەوارەکان و سەرچاوەئاوی‌یەکان و ئاژەڵەکان و هتد...

لەو سەردەمەدا بەهۆی پەیدابوونی دەیان جۆر ماددەی کیمیایی‌و ژەهراوی‌و گازی سەمی گارگەو ماشین و سووتانی نەوت، بەنزین، کانزا و کەرەستە خاوەکانی‌تر بەشێکی زۆری ژینگەی سروشتی لە نێو چووە، ئەو کارەساتە هەموو بەدەستی مرۆڤ ئەنجام دراوە و مرۆڤ خۆی ژینگەی دەستکاری کردوە و تەنانەت کێشەی بۆ گیانلەبەران و ئاژەڵە کێوی‌یەکان ، باڵندەکانیش دروست کردوە.



مرۆڤ بە بڕینی دارستانەکان، فڕێدانی خۆڵو خاشاک، ڕشتنی زبڵو زاتی نێو شار، گوندو ماڵەکان وای کردووە کە بەشێکی زۆری سەرچاوە ئاوی‌یەکانی ژێر زەوی ژەهراوی بین، هەروەها دروست کردنی چەکو تەقەمەنی‌و هەڵگیرساندنی شەڕ و تۆپباران کردن و وێران کردنی شارەکان، سووتاندنی دارستان و رەزو باخات بۆتە هۆی بەرزبوونەوە و زۆر بوونی گازی دوانۆکسیدی کاربۆنو کەم بوونی ئۆکسیژێن و پچڕانی بەرگە هەوای دەوری گۆی زەوی کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ هاتنی تیشکە زیان بەخشەکانی خۆر وەک: تیشکی سەرووی وەنەوشەیی و ژێرسوور. ئەمڕۆ یەکێک لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی پەیدابوونی ئەو هەموو نەخۆشی‌یە زۆر و سەیروسەمەرانە پیس‌بوونی ژینگە و ئالوودبوون و گەرم بوونی کەشی زەوی‌یە.




**منداڵە خۆشەوستەکان!**

ئێمە دەبێ بەرامبەر بە ژینگە بەرپرسیار بین و هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی کە ڕێگری بکەین لە تێکدانی ژینگە و پێویستە سەرەتا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین‌و پاشان دەوروبەرمان لە کارەساتە زیان‌بار و مەترسی‌دارە ئاگادار بکەینەوە بە چاندنی نەمامو گرینگی‌دان بە سەوزایی، ژێرخاک کردنی زبڵ بە شێوەی بێهداشتی و بەگوێ ڕاگرتن لە ڕێنمایی‌یەکانی مامۆستا و گەورەکانمان هەڵ بدەین کە بە پاک و بێگەردو خاوێن ڕاگرتنی ژینگە ژیانێکی تەندروست بۆ خۆمانو کۆمەڵگاکەمان دەستەبەر بکەین.

ڕێبین ڕزگار



## ئایا دەزانن کە:



زۆرترین هۆکاری سەرئێشە هی کەم خواردنەوەی ئاوە؟

## چۆلەکەی ژیر

**ڕۆژێکیان چۆلەکەیەک دوو جوجکەی دەبێ. چۆلەکەکە بۆ ماوەیەک بەجێیان دێڵێ و دوایی دێتەوە. کاتێک چاو لە هێلانەکەی دەکا، دەبینێ کە جوجکەکانی نەماون، ئەویش بە ناچار بەدوایاندا دەگەڕێ. بۆیە دوای ماوەیەک گەڕانو بەدواداچوون، دەبینێ کە مام ڕێوییەک هەر دوو جوجکەکەی لێ دزیوە. بۆیە ئەویش پەنا بۆ دۆستەکانی دەبا بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن. چونکە بۆخۆی باش دەیزانی بە تاقی تەنیا بە مام ڕێوی ناوێرێ. هاوڕێکانیشی هەموویان دێنە یاریدەیو پێکەوە جوجکەکان ئازاد دەکەنو مام ڕێوی دوور دەخەنەوە. ئیتر لەو کاتەوە بڕیار دەدەن هەموویان پێکەوە لەو شوێنە بژینو لە یەکتر دوور نەکەونەوە بۆ ئەوەی دوژمنان لەناویان نەبەن.**

پێشەوا سیروان محەممەد.



## ئاڵاکەم

ئاڵای بەرزی کوردستانم
چوار ڕەنگە چاک دەزانم
سوور و سپی بێگەردە
سەوزو خۆرێکی زەردە
جێی شانازیو شکۆیە
ئازادی منو تۆیە
لە سایەیدا دەوەستم
پیرۆزەو دەیپەرەستم
کاتی ترسو تەنگانە
دەی پارێزم شێرانە

ئاشنا مارفزادە



**ئاسۆیی** ←


١. یەکێک لە شارەکانی باکووری کوردستانە.
٢.تواناو..... _ ڕەنگی خوێن.
٣.هەورازو...........
٤.ئەوانەی لە لە گەڵ یەک لە یەک دایک دەبن.
٥.پێچەوانەی هەرزان.
٦. ئاژەلێکی کێوییە. _ و. د. ی .
٧. شارێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

**ستوونی.** ↓

١.لە جێگای دەستە بۆ باڵندە.
٢. ...... ترێ.
٣. گەنیو._ مچی دەست دەستەکە ببڕە
٤. کەسی سێهەمی دوور لە کرمانجی ژوورو.
٥. شوان بەپێچەوانە_ ٣٠ بنووسەبە پیت بۆ سەرەوە.
٦.رادە تێکەڵ.
٧.چەند ڕەنگی.

### چوار خشتەیی ٧

| 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ■ | | | | | | | 1 |
| | | | ■ | | | | 2 |
| | ■ | ■ | | | | | 3 |
| | | | | | | | 4 |
| | | | | ■ | ■ | | 5 |
| | | | ■ | | | | 6 |
| | | | | | | | 7 |





| 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕ | ه | پ | ش | و | و | پ | 1 |
| و | ه | ا | ■ | و | ێ | ل | 2 |
| و | م | ر | ه | چ | ■ | ن | 3 |
| ■ | ی | ه | ت | ■ | ز | ک | 4 |
| م | ن | ■ | س | ■ | ■ | ■ | 5 |
| و | ■ | ■ | ا | م | ه | س | 6 |
| و | ا | ئ | و | ن | ا | ن | 7 |

ولامی چوار خشتەیی ژمارە ٦



## منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو پاکەت نامەیە ساز بکەن و سێوەکەش بکێشنەوە بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوە و پاشان بینێرن بۆ منداڵپارێزی و خەڵات وەربگرن





### جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە بدۆزەوە






**ئایا دەزانن کە:**

**فیل تەنیا گیانلەبەرێکە کە ناتوانێ باز بدا؟**





# وڵاتەکەمان بناسین
## «شاری سەقز»

سەقز یەکێک لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەو دووەم شاری گەورەی پارێزگای سنەیە، لە باشووری رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ مەریوانو دیواندەرە، لە باکوور لەگەڵ بۆکان، لە رۆژئاوا لەگەڵ بانەو لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ تیکابو هەوشار دراوسێیە. رێژەی دانیشتوانی بە پێی ئامارەکانی ساڵی ١٣٨٨ نزیک بە ٣٠٧٠٠٠ کەسە. سەقز لە هاوینda ڕۆژانی گەرمو شەوانی فێنکو لە زستاندا هەوای زۆر سارد و ئەستەمی هەیە. زۆربەی خەڵکی سەقز بە زاراوەی سۆرانی قسە دەکەن. سەقز بە سەر ٨ بەشی میرەدێ، تورجان، تیلەکۆ، خوڕخوڕە، سەرشیو، زێویە، کولتەپەوسەرادا دابەش کراوە. هەردوو رووباری سیمینە و زێرینە لە کێوەکانی دەوروبەری سەقز سەرچاوە دەگرن و پاشان دەڕژێنە گۆلی ورمێوە.

سەقز یەکێک لە هەرە کۆنترینو مێژوویی‌ترین شارەکانی کوردستانەو دروست بوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مادەکان لە سەدەی ٧ی بەر لە زایینو خاوەنی چەندین شوێنەواری مێژوویی بەناوبانگە وەک؛ قەڵای زێویە کە لە نزیک سەقزو بە وتەی «گیرشمەن» خەزێنەی پاشایەتی ماناکان بووە. ئەشکەوتی کەرەفتوو کە بەیەکێک لە کۆنترین ئەشکەوتەکانی ناوچەکە دادەنرێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنو ئاسەواری هەڵکەندراوی دەستی مرۆڤی تێدا دەبیندرێ. واژەی سەقز مانایی‌یەو لە ساکاوە هاتووە کە هۆزێکی ئەم ناوچەیە بوون سەردەمانێک ئەم شارە یەکێک لە پایتەختەکانی کاتی دەوڵەتی ماد بووە. ئەم شارە لە بواری کولتووری، رەسەنایەتی و شارستانیەتدا گرەوەی خۆی بردۆتەوە بە جۆرێک کە بە سەدان هونەری جۆراوجۆری تێدا کۆبۆتەوە وەک: مسگەری، زەڕگەری، گۆزە سازی و پەیکەرتاشی، شانۆکاری، موزیک و گۆرانی فۆلکلۆر، چنینی فەڕش، قاڵی، قاڵیچەو دروستکردنی کڵاشو بەرگدووری کوردی کە بە دەیان مۆدێل بەرگی کوردی هەم ژنانە وهەمیش پیاوانە وە بەرچاو دەکەون.

نەکەرۆز، وەنەوشە، ئاڵمەڵوو و کێوی مێرگەنەخشینە لە کێوە بەرزەکانی دەوروبەری سەقزن کە تێیاندا بە دەیان جۆر ئاژەڵی کێوی وەک: گورگ، بەراز، ورچ، چەقەڵ، دەڵەک، رێوی، سمۆرە، کەرویشک، مارو کەو و دەیان جۆر باڵندەی تر دەبیندرێن. هەروەها چەندین جۆر میوەی خۆڕسکیش بەرچاو دەکەوێ وەک: هەرمێ، گۆێژ، ، ترێ، ، بەڵاڵووک و هتد... مێرگو لەوەڕگاکانو پێ دەشتەکانی سەقز باشترین شوێنن بۆ ئاژەڵداریو کشتوکاڵو ماڵات بەخێوکردن.

**ئازاد محەممەزادە**

## وێنەی خنجیلانەکان لە دنیای منداڵاندا


پەیمان جوڵا و هەرێم قازی


پێشەواموساپوور


پێشرەو مووساپوور



**منداڵە ئازیزەکان دەتوانن وێنە جوانەکانتان بنێرن بۆ ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێمەش لە دنیای منداڵاندا بۆتان بڵاو دەکەینەوە**

# نەقاشی‌یەکانتان لە دنیای منداڵاندا



سۆزە پەیرەوان



بانە عەزیزی



ئاشنا مارفزادە



نارین مەحموودی



بێخاڵ عەلی پوور



ڕێبوار ڕەحمان‌نژاد



دەریا عەلی نژاد



ئەوین یوسفی



پەیام مەمەندی



سۆما ڕەواندوست



هاوژین عەبدوڵڵاهی



ئاگرین محەممەدی



پێشەوا نووری



سۆنیا لوتفی



فرمیسک محەممەدپوور